


نیاز عەلی

عەلی ئەشرەف دەرویشیان
لە فارسییەوە: سەلاح نیساری
(بۆکان)

- نیاز عەلی
- ئامادە

یەکەم جار کە چاوم پێی کەوت، لە تەنیشت لووساوکی قوتابخانە دانیشتبوو. دەکۆخی و بەدەم کۆخینەوە نرکە لە پشتی دەهات. خوێنێکی ئاڵی هەڵێناوە. دەمووڵێوی بە قۆڵی کەوا کاڵ بووەکەی سڕییەوە. بە پەلە خۆی بە پۆلەکەدا کرد، لەسەر یەکەم نیو تەخت دانیشت. لە پۆلی دوو بوو، ڕیوەڵە و ڕەنگ پەڕیو. ڕەگی لاملی لە ژێر پێستییەوە دیار بوو، خێرا خێرا پتی دەدا.

قەڵەمەکەی بە قەیتانێکەوە، بە دوگمەی کەواکەیەوە بەستبووەوە. وەختێک دەهات شتێک بنووسێ، لەبەر ئەوەی قەیتانەکە کورت بوو، زگی دەبردە پێشێ، وەک بڵێی لە باتی قەڵەمەکە، لەشی خۆی بەسەر کاغەزەکەدا دەهێنێ. کاتێک نووسینەکەم لێ وەرگرت، دەستەکانی دەلەرزین، ئەو کاغەزانەی ئەو لەسەری دەنووسین، لە نێو تەنەکەی خۆڵی قوتابخانەدا هەڵی دەگرتنەوە

وەختێک خەتم بەسەر نووسراوەکانیدا دەهێنا، وایدەزانی خەت بەسەر ژیانیدا دەکێشم. نیوەڕۆیان نەدەڕۆیشتەوە بۆ ماڵێ، دەبێ بڵێم زۆربەی قوتابییەکان نەدەچوونەوە. بەرماوی شیوێیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا و لە تەنیشت دیواری قوتابخانە کۆزیلکەیان دەبەست و دەیانخوارد، ئەویش نانی نیوەڕۆی خنیبووە گیرفانی، کەوشە جیرەکانیشی گوێزینگی لاقانی دابڕیبوو.

دەرس و دەوری زۆر باش بوو، لە چاو قوتابییەکان باشتر بوو، نووسراوە و سەردێڕی ڕۆژنامەکانی

بـه جوانـی دەخوێنـدەوە. ڕۆژێـک ورتـە لـە کەسـەوە نەدەهـات، خشـشـەی ئـەو ڕۆژنامەیـەی لەبـری شووشـە درابـوو بـە ڕووی پەنجەرەکـەوە، سـەرنجی هەمووانـی ڕاکێشـا. ڕووم کـردە نیـاز عەلـی و گوتـم:

– نیـاز عەلـی، دەتوانـی ڕۆژنامـە وەخوێنـی، ئـەرێ، دادەی بابزانـم پێـم بڵـێ چـی نووسـیوە؟

نەختێـک سـوور هەڵگـەڕا و دوای منگـە منگێـک ملـی نـا لـە خوێندنـەوەی:

– مامۆستا، نووسیویەتی، کۆت.

– ئافەرین، زۆر باشە، بیخوێنەوە.

– مامۆسـتا، دووسـەت و پەنجـا هـە هـە هـەزار تمەنـی.

– ئافەرین، زۆر باشە، دەی دەی.

– مامۆستا، لە تاران هە هە هەراج کراوە.

پشوویەکی هاتەوە بەر، ڕووی تێکردم و گوتی:

– مامۆستا، چەندە گەورە و جوان نووسراوە!

گوتـم: بەڵـێ وایـە، نیـاز عەلـی، جارجـارە لـە ڕۆژنامەکانـدا شـتی درشـت و جـوان دەنووسـن.

***

نیاز عەلی

– ئامادە

پێناسەکەشی، نیـاز بـوو. لەو پۆلەی منـدا، زۆربەی منداڵـەکان، پێناسـەیان نیـاز بـوو. کاتێـک ناویـم دەخوێنـدەوە، لەپـڕ ڕادەچەنـی و بەخۆیـدا دەشـکاوە، وەختێکیـش قەڵـەم و پەتەکەی دەشـاردەوە، بۆئەوەی نەیبینـم، بـە زیقەیەکـەوە دەیگـوت: ئامـادە. دەنگـی هـەر لـە زیقـەی قەلەباچییـەک دەچـوو، بەدەسـت کەسـێکەوە ڕێکـی بکوشـێ.

کەرەسـتەی یاریکردنـی ئـەو، تۆپێـک بـوو، پێکهاتـوو لـە پـەڕۆ و پـاڵ، کاغـەزی ڕەش و بەنـدروو.

هـەر وەختێـک قوتابییـەکان خەریکـی کایـە کـردن دەبـوون، ئـەو پاڵـی بـە دیوارەکـەوە دەدا و تۆپـە پەڕۆکـەی بـە دەسـتەکانی ڕێـک دەکوشـی. سـەیری ئاسـمانی دەکـرد و بـە ماتییـەوە لـە قوتابییـەکان ڕادەمـا. لـە وەختـی کایەکردنـدا، زۆر دەکۆخـی و خوێنـاوی دەهێنـاوە.

***

حـەزم دەکـرد زۆرتـری بدوێنـم. ئـەو ڕۆژەی لەسـەر پلیکانـی قوتابخانـە دانیشـتبووم، هێـواش هـات و لـە تەنیشـت پلیکانەکـە ڕۆنیشـت. تۆپـە پەڕۆکەشـی بەدەسـتەوە بـوو. ئەژنـۆ چڵکنەکانـی لـە پاتۆڵـە دڕاوەکەیـەوە بـە دەرەوە بـوون. لێـم پرسـی: نیـاز عەلـی، ماڵەکەتـان لـە کوێیـە؟

– لە پشت قەڵایە، مامۆستا.

– باوکت ناوی چییە؟

– ڕیش چەرموو، مامۆستا.

– چ کارەیە؟

– بێکارە، مامۆسـتا. زۆر پیرە، لە ژوورێ دانیشـتووە، کتێبـی دوعا دەخوێنێتەوە. مامۆسـتا.

– دایکت چی دەکات؟

– بێـکارە، مامۆسـتا، دوێنـێ ددانەکانـی کەوتـن، کارەکـەی لـە دەسـت چـوو.

بەڵـێ، وەختێـک بـۆم دەردەکـەوت، دایکـی کاری بـۆ مەشـەدی باقـر، بازرگانـی وشـکەباری ئاوایـی دەکـرد. بـە ددان، پسـتەکانی دەتەقانـد، ئـەو پسـتانەی نەتروکابـوون. ڕۆژێ بیسـت و پێنـج قرانـی وەردەگـرت. دوای چەنـد سـاڵێک ددانەکانـی هەڵوەریـن و بێـکار بـوو. بـرا گەورەکـەی کرێـکاری دەکـرد. دووسـاڵ پێـش، دوای ئـەوەی لە سـەربازی هاتـەوە، لـە کاتـی کارکردنـدا، دیـواری بەسـەردا ڕووخـا و کۆچـی دوایـی کـرد.

***

زستان تەپیدا سەرمان، قوتابیان لە دێهاتە دوورەکانەوە دەهاتن. کاتێک دەگەیشتن هەر دەتگوت پەیکەرەیەکن لە سەهۆڵ. سیخوار و سەهۆڵ چاو و برۆیی دادەپۆشین، لە کاتی چاو تروکاندندا خرتەی سەهۆڵ دەهات. وەک ئەوەی جام و شووشتن پێکدا بدرێ. لە تەنیشت سۆپاکە دادەنیشت، مووردەداری تێدا دەسووتا. چلوورە سەهۆڵ لە دەم و لووتیان هەڵدەوەری. تازە سمێڵیان بۆر بووبوو. ئەوانەی لە پۆلی سەرتر بوون، کەوش و کڵاشیان بە سۆپاکەوە دەنا. بۆنی جیر و بۆ دڕنی لەشیان پۆلەکەی هەڵدەگرت. چڵکاو لە پێڵاوەکانیان دەچۆڕا و دەوروبەری سۆپاکەی تەڕ دەکرد.

***

ژوورەکەم لە تەنیشت پۆلەکە بوو. هەموو بەیانییەک منداڵانم دەبینی وەختێک دەهاتن بۆ قوتابخانە. نیاز عەلی هەر لەو باڵندەیە دەچوو پەتێکیان دەلاقی بەستبێ. کە لە قوتابخانە نزیک دەبووەوە، وەختێکیش وانەکانمان تەواو دەبوو، داوام لە منداڵان دەکرد، بێن و حەقایەت بگێڕنەوە، زۆر جاریش دەمگوت، هەر کام لە ئێوە ئەگەر خەونێکی سەیرتان بینیوە، بۆمان بگێڕنەوە. ڕۆژێک نۆرە گەیشتە نیاز عەلی. سەرەتا خۆی گنخاند، بەڵام دوایە ڕازی بوو، هەرچەندە لێوی باری هێنابوو، ڕەنگی نەخۆشی بە ڕوخساریەوە دیار بوو، دەنگیشی دەلەرزی. ملی نا لە گێڕانەوەی خەونەکەی:

– لەخەونمدا بووم بە چۆلەکە، قنەم دەکرد و لەوبەر بۆ ئەوبەر هەڵدەفڕیم. لە حەساریێوە خۆم گەیاندە سەر تاقەکە. باوکم گوتی: ئەی هاوار، منداڵەکەمان بووە بە پاساری. بە چاوی خۆم دیتم باوکیشم بوو بە چۆلەکە، لەسەر کتێبی دوعا هەڵنیشت. دایکم سەرەتا پێکەنی، دواتر گریا. لەپڕ هەژدیهایەکی زەلام خۆی بە ژوورێدا کرد. دایکم هەر ئەوەندەی چاوی بە هەژدیها کەوت، گوتی: ئەی هاوار، مەشەدی باقر هات! خێرا دەستی برد پستەی لەسەر کۆشی هەڵگرت و تروکاندی. سەیرم کرد دایکم ددانی لە دەمدا نییە و خوێن لە زاری دێت. ویستم بچم چاوی هەژدیها دەربێنم، پستەیەک بەدەم قاقا کێشانەوە گوتی: هەڵکۆڵینی چاوی هەژدیها بێفایدەیە. هەر ئێستا ئێمە کارێک دەکەین، دیق بکات و لە خۆ بێتەوە. وێکڕا پستەکان پێکەنین، ئەوجار دەمیان لێک نا. هەژدیها خۆی کرد بە عەمباری پستەدا، سەیری کرد تەواوی پستەکان لێو نابزێون. هەژدیها تووڕە بوو گوتی:

هێی پستەکان، هەر ئێستا چارتان دەکەم. چوو گۆپاڵێکی هێنا تا پستەکان بیراز بکات، بن پێی پڕ بوو لە ددانی هەڵوەریو، لە ددانەکان هەڵخڵیسکا و بە تەپڵی سەرەوە بە عەرزیدا کەوت. پستەکان وەختێ ئەمەیان بینی، قاقا پێکەنین و زاریان داپچڕی. مەشەدی باقر کەیفی ساز بوو، بەڵام پستەکان وێکڕا گوتیان:

هەڤاڵان پێمەکەنن، هەژدیها بۆ ئەوەی پستەکان پێبکەنن، ملی لە سەماکردن و جوواڵە جووڵ نا. ملی درێژ دەکرد و لە ئاسمانەوە ئەستێرەکانی هەڵدەلووشی. سەرەموقلاتی دەدا و چاوەکانی خێلوخێچ کرد. ئەستێرەکانی لە گوێیەوە دەهێنا دەرێ.

من قاقا پێکەنیم، وەختێ گوێی لە قاقای من بوو، ڕووی تێ کردم و گوتێ: ئەها، ئەوە دەرکەوت تۆ ئەو بەزمەت ساز کردووە، لەپڕ پەلاماری دام.

هاتم لە پەنجەرەوە دەرپەڕم، پەنجەرەکە

تەنگ بووەوە و وێک هاتەوە. پستەیەک لەمن نزیک بوو گوتی: وەرە سەر پشتم با هەڵێین. پستەکە بوو بە باڵۆن و منی لەگەڵ خۆی برد. باڵۆنەکە لە کونی سۆپاکەوە دەرچوو، گەیشتە ئاسمان. حەزم دەکرد منیش ئەستێرەیەک بچنم و بیکەمە ملی دایکم، کەچی لەپڕ پێم هەڵخلیسکا و لە حەواوە بەربوومەوە، بەسەرەوە کەوتمە نێو ئەو قوڕەی بۆ سواخی سەربانەکان گیرابووەوە. کتوپڕ لە خەو ڕاپەڕیم، بە دڵۆپەی سەربانەکە وەخەبەر هاتم. سەرم تەڕبوو. تێکڕا منداڵەکان پێکەنین و چەپڵەیان بۆ لێ دا. ئەو حەلەی چوو دانیشێ هەر لە جووچکە مراوییەک دەچوو بە لارە لار بچێتەوە کولانەکەی.

***

زستانی ئەم ساڵمان لە چاو زستانی پار زۆر سارد بوو. لەبری شووشە، ڕۆژنامەمان دابوو بە ڕووی پەنجەرەکاندا. بەیانییەک خەریکی بەسەر کردنەوە بووم:

– نیاز عەلی.

چەند قوتابییەک لەبەر خۆیانەوە گوتیان:

– نەهاتووە.

ڕاچەنیم، شوێنەکەی بەتاڵ بوو، خەمێک نیشتبووە سەر ڕوخساری قوتابییەکان، تێکڕا سەریان داخستبوو. لە ئەکبەری چاوەدێری پۆلم پرسی:

– مامۆستا، دوێنێ ئێوارە مرد، سەرما بردی. مامۆستا، خوێن دەڕشاوە، هەر دەیگوت ئەستێرەم دەوێ، ئەستێرەم دەوێ. ئەستێرەیەکی جوان بۆ دایکم.

منداڵان بێدەنگ بوون. با، ڕۆژنامەی پەنجەرەکەی ڕادەوەشاند. خشەخشی بەرگوێ دەکەوت. وەک ئەوە وابوو نیاز عەلی لە ڕێگەیەکی دوورەوە حەقایەت بگێڕێتەوە، یان خەونەکەی دەگێڕایەوە.

دەنگی هەر لە گوێمدابوو، وەختێک ڕۆژنامەی دەخوێندەوە.

پەڵەیەک هەوری ڕەش لە سەر تەوێڵی ئاسمان نیشتبوو. هەموومان مات و بێدەنگ بووین. چاوم بە نووسراوی ڕۆژنامە تازەکەی سەر پەنجەرەکە کەوت، بە خەتی گەورە نووسرابوو:

پاکوخاوێنی بۆ هەموو کەس.

سەرچاوە:

از این ولایە، علی اشرف درویشیان، انتشارات شبگیر، سال چاپ، ١٣٥٦.